# ئازادی بۆ جەهەنەم، بـــــژی ئازادی !

سامان کەریم
zaryak@yahoo.com

بلاوبونەوەی ژمارەیەك كاریكاتێر لەسەر پەیامبەری موسڵمانان دەكرا وەك هەر بابەتو كاریكاتێرو نوسینێكی دیكە بە شێوەیەكی ئاسایی تێپەر بوایە. دەكرا دەیانو بگرە سەدانو هەزاران ووتارو كاریكاتێرو نوسین لە سەدەها رۆژنامەو كەناڵی تەلەفیزیۆنیەوە بلاوبونایەتەوە دژ بەو كاریكاتێرانەو دیفاعیان لە كەسایەتی محمد بكردایەو تەنانەت دەكرا وولاتانی موسلمان نشینو وولاتانێك كە زنجیری حكومەتی ئیسلامیان كراوەتە مل، پەیوەندی بازرگانیو دیلوماسیان لەگەل دانیمارك ونەرویج نەهێشتایە. یان تەنانەت دەكرا هەموو ئەو وولاتانەی كە ئەندامی كۆنگرەی ئیسلامین بریاریكیان دەر بكردایە كە پەیوەندی خۆیان لەگەل دانیماركو نەرویج بپچڕێنن ئەگەر بەڕەسمی حكومەتی نەرویجو دانیمارك داوای لیبوردن نەكات!. دەكرا وولاٌتانی موسلمانی خاوەن نەوت بڕیاریان بدایە كە نەوت نانێرن بۆ دانیمارك.... هەموو ئەمانە وەكو كارێكی ئاساییو نۆرمال لە پەیوەندی نیو دەوڵەتی ئێستادا چاوی لێدەكرا!. دەلێم كارێكی ئاسایی مەبەست لەوەیە كە بە فەرز وەرگیراوە كە ئەو حكومەتانە باوەڕیان بە ئازادی ڕادەربڕین نیە، بەلاٌم بەهەرحال باوەڕنەبون بە ئازادی ڕەئی مەسەلەیەكەو هەوڵدان بۆ زیندە بەچاڵكردنی ئازادی ڕەئی مەسەلەیەكی دیكەیە. دەكرێت ئینسان باوەڕی نەبێت بە ئازادی بیرو ڕاو دیفاعی لێبكاتو لەسەری بنوسێتو پەرتوكو رۆژنامەی بۆ بلاوبكاتەوە. ئەمكارە لە مەیدانی ژیانی ئاسایی كۆمەڵدا زەرەرێك نادات و خەڵك بە شێوەیەكی گشتی وەكو ڕەئیەك سەرنجی دەدەنیٌو لە گەڵیدا دایەلۆگیگی سیاسی دەكەن.

بەلام ئیسلامی سیاسی بلاٌوبونەوەی چەند كاریكاترێك كە پێش 3مانگ زیاتر بلاوبونەتەوە، دەكاتە مەسەلەو ڕوداوێكی سیاسی جیهانی. هێرشێكی هەمەلایەنەو فروان دەكاتە سەر بەشەرییەتو دەسكەوتەكانی كە بەدرێژایی مێژوییەكی درێژخایەن لە خەباتێكی سیاسیو كۆمەلایەتی خوێناوی بەدەستیهێناوە.

30 پسێبتمبەر 2005/ رۆژنامەی یلاندس پۆستنی دانیماركی كاریكاتیرەكانی لەسەر محمد پەیامبەری موسلمان بلاوكردەوە.

20 ئۆكتۆبەر/ 10 بالوێزی وولاتانی موسلمان نیشن لە دانیمارك شكاتیان دایە سەرۆكی وەزیرانی دانیمارك.

10 كانونی دووەم2006/ گۆڤاریكی نەرویجی دوبارە كاریكاتیرەكانی بلاو كردەوە.

26 كانونی دووەم/ سعودیە بالوێزی خۆی لە دانیمارك ڕاكێشایەوە.

26 كانونی دووەم/ ئەنجامی هەڵبژاردنی فەلەستینو دەرچونی حەماس ڕادەكەیەنرێت.

30 كانونی دووەم/ رۆژنامەی یلاندس پۆستن داوای لێبوردنی كرد. ئۆفیسی یەكێتی ئەوروپا لە غەزە دادەخریت بەزەبری چەك.

31 كانونی دووەم/ سەرنوسەری یلاندنس پۆستن داوای لیبوردن دەكات.

1 شوبات/ رۆژنامەكان لە فەرەنساو ئەلەمانیاو ئیتالیاو ئیسپانیا، جارێكی دیكە كاریكاتیرەكانیان بلاوكردەوە.

4شوبات/ خۆپیشاندەران لە سوریا هێرشیان كردە سەر بالوێزخانەكانی دانیماركو نەرویج لە دیمەشەق.

5شوبات/ خۆپیشاندەران لە بەیروت هێرشیان كردە سەر كۆنسولیەتی داینمارك.

6و7و8شوبات/ كوژرانی12 ئەفغانستانی لە تێكهەلچونی نێوان پۆلیسو خۆپیشاندەراندا..

6 شوبات/ حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراقو حیكمەتیست لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویجو ستۆكهۆلمی پایتەختی سوید خۆپیشاندانیان كرد بۆ دیفاع لە ئازادی بیرورا.

10شوبات/ لە مصرو ئەندنوسیا خۆپیشاندان كرا.

10 شوبات/ لە هلسنكی پایتەختی فنلەند، حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراقو حیكمەتیست خۆیشاندانی سازكرد بۆدیفاع لە ئازادی ڕادەبڕین.

11شوبات/ لە فەنزویلاو تشادو فەرەنساو بەلجیكاو لەندەنو قودس خۆپیشاندان بوو دژ بە بلاوبونەوەی كاریكاتیرەكان.

11شوبات/خۆپیشاندانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراقو حیكەتیست لە لەندەن بۆ دیفاع لە ئازادی ڕادەربڕین.

ناوەرۆكی هێرشەكانی ئیسلامی سیاسییە چیە؟ ئایا مەسەلە بڵاوبونەوەی چەند كاركاتیرێكە؟ یان ئەوە دەرگای مەسەلەو ئامانجێكی گەوەرەترو فراوانترە بۆیان؟چەپو ڕاستی ئەوروپا لەم مەسەلەیەدا ڕۆڵیان چیبوو؟ كاریگەری ئەم هێرشەی ئیسلامی سیاسی بۆ سەر بەهاو مافە ئینسانیەكان لە رۆژئاوا تا چەند دەكرێت بە ململانیٌ یان پێكدادانی شارستانی مەسیحیو ئیسلامی یان رۆژئاواییو ئیسلامی لێك بدرێتەوە؟ كاریگەری ئەم هێرشانە بۆسەر بەهێزبونی راسیزم لە ئەوروپا چەند دەبێت؟و... هەولٌ دەدەم لەم ووتارەدا وەلاٌمی ئەم پرسیارانەو چەند پرسیارێكی دیكەش بدەمەوە كە لەپەیوەند بەم ڕوداوەوە هاتنە پێش.

## *کاریکاتێری کۆن، بۆ زیندووکرایەوەو گەورە کرا ؟!

کاریکاتێرەکان لە 30ی سێبتمبەری ساڵی ڕابوردودا بلاو دەکرێنەوە، ئەوکاتو پاش 21 ڕۆژ بەشێوەی ڕیو ڕەسمێکی تاڕادەیەك ئوسوڵیو دیبلوماسی هەندی بالوێزی حکومەتانی ئیسلامی شکاتی خۆیان دەدەن بە سەرۆك وەزیرانی دانیمارك( بالوێز لە هەر وولاتێکدا لە پێشدا تەرەفە لەگەڵ وەزیری دەرەوەو پێویستە لەم ڕیگایەوە کاری خۆیان بکەن لەگەڵ حکومەتی ئەو وولاتەدا). دوای ئەوە تاکو رۆژی 1/26ی ئەمساڵ، واتە پاش زیاتر لە 2 مانگ هیچ ڕەنکدانەوەو بەرپەرچدانەوەیەك کە شایانی باس نابینرێت، بەلام 1/26 سعودیە بالوێزی خۆی لە دانیمارك دەهێنێتەوە. وە لە مڕۆژەوە واتە رۆژی دەرچونی حەماس لە فەلەستین، هەڵومەرجی سیاسی دنیا تاکو نوسینی ئەم وتارە دەکەوێتە ژێر سێبەری بلاوبونەوەی ئەو کاریکاتێرانەوە.

دەرچونی حەماس وەك هێزیکی میلیتانتو تیرۆریستی ئیسلامی سیاسی لە فەلەستینو ناوچەکەدا کە پاش ماوەیەکی کورت دوای سەرکەوتنەکەی ئیخوان ئەلموسلمین هات لە مصر، ڕوداوو ئالۆگۆرێکی سیاسی گەورەبوو لە ئاستی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست بەگشتیو بەتایبەت لە ئاستی جیهانی عەرەبدا. دەرچونی حەماس هاوکێشەی سیاسی نێو خۆی فەلەستینی ژێرەو ژورکردو بۆ یەکەمجار لەناوچەکەدا ئالای قەزییەیەکەی مەکەزی جیهانی عەرەب کەوتە دەست ئیسلامی سیاسیو بەمەش ناسیونالیزمی عەرەب لە ئاستی ناوچەکەدا زەربەیەکی گەورەی مەعنەویو سیاسی خوارد.

سەرکەوتنی حەماس کە بەگشتی بەرهەمی داگیرگاری ئیسڕائیلیو فەسادی نیوخۆی دەسەلاتی خۆجێی فەتحو ڕیسوایی سیاسەتەکانی ئەمەریکاو ڕۆژاوابوو، لە غیابی کۆمۆنیزمی کرێکاریی، وەك هێزیکی سیاسی پێشکەوتوخوازو موتومەدنو قودرەتمەند. ئیسلامی سیاسی دەرچونی حەماسی کردە سەکۆو دەرگایەکی گەورە بۆ هێرشێکی فراوانی جیهانی بۆ سەر بەها ئینسانیەکان. بۆ سەر ئازادی ڕەئیو ئازادای بیروڕاو ئازادی نوسینو ... ئازادییە سیاسیو فەردیو مەدەنیەکان ... هێرشێك کە لە لەندەنەوە تاکو ئەندنوسیاو ئۆسترالیاو ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتینی دەگرێتەوە بەردەوام مەرجی کۆنەپەرستانەو خواستی قرونوەستایی دینێتە پێشو سەنگەر بەسەنگەر خۆی قایم دەکات، بۆئەوەی لە ئاستی جیهانیدا وە لەنێو بەڵگەنامەو ڕیگەوتنە جیهانیەکاندا فەرهەنگو خواستی خۆی جێگابکاتەوەو بیکاتە یەکێك لە تێزو بەندەکانی دنیای ئەمرۆ. خواستی "قەدەغەکردنی ڕەخنە لە دینو موقەدەساتی دینی" خواستو ویستی بزوتنەوەیەکی سیاسی تاسەر مۆخ کۆنەپەرستە. کە لە پێناو سەپاندنی خۆی لە باری فەرهەنگیو سیاسیەوەو جێخستنی ئەم خواستەی وەك بەندێك لە بەندەکانی بۆنمونە جاڕنامەی مافی مرۆڤو پەیمانو بەڵگە نامە جیهانیەکانی دیکە. بەتایبەت ئەوە ڕۆشنە کە ئیسلام وە ئیسلامی سیاسی لە نیو بەڵگەنامە نیونەتەوەیەکاندا هیچ جیگاو ڕیگایەکی نیەو لەم نێوەدا تا ئێستا مایە پووچە. بەلام ئامانجی ئیسلامی سیاسی لەم هێرشە فراوانە چەقۆکێشیەیدا تەنها بەوەندە ناوەستێتەوە بەڵکو بەداوی ئامانجی سیاسی گەورە ترەوەیە کە ڕووی لەوەیە هاوکێشەی سیاسی لە ناوچەکەدا( ئەو ناوچانەی پێیان دەوترێت جیهانی ئیسلام) بە قازانجی خۆی بشکێنێتەوەو دواتر وەك شەریکە بەشێك مامەڵە لەگەل ئەمەریکاو ڕۆژئاواد بکات، نەك وەکو ئێستا ناویان لە لیستی ئیرهابیدا بێت.

## *ڕاستو چە پی ئەوروپاو کاریکاتیرەکان!

ڕاستی ئەوروپاو ئەمەریکا لە بلێرەوە تاکە سترۆو تا بۆشو میرکلو شیراك تا بیریارەکانی مەڵتیکالچەریزم... هەموو لە پەیمانێکی کۆنەپەرستانەی موقەدسدا هاوڕان لەگەل ئیسلامی سیاسیدا. ئیسلامی سیاسی بەبێ ڕاستی ئەمەریکاو ئەوروپا نەك شانسی گەورەبونو بوون بەهێزی نەبوو، بەڵکو بەتەواوی بێهزو مایە پوچ بوبوو. ئەوەی ئیسلامی سیاسی کردە هێزو بەدەسەڵاتی گەیاند، ئەمەریکاو ڕۆژئاوابوو لە پێناو لەباربردنی بزوتنەوەی چەپو کۆمۆنیستی پێشکەوتنخوازیدا. هەرچۆن ئەوکات، لەسەردەمانی شەری ساردو دووقوتبی ئیمپریالستی دنیادا، ئەمەریکاو ڕۆژئاوا، ناوەرۆکی کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانیانەی ئەم هێزانەی کردە حەلقەی پەیوەندیگرتنو هاوپەیمانێتی ناموقدەسی نێوانیان بۆ لێدان لە پێشکەوتنخوازییو ویستە ئینسانیەکانو ئازادی. بەهەمان شێوە ئەمرۆ، هەردوولایان لەسەر لێدان لە ئازای ڕادەربڕین لە هاوپەیمانیەتێکی ناموقەدسدانو لەمبارەوە بۆ بلێرو بۆش میرکلو.. هیچ کۆسپو تەگەرەیەك لەگۆڕێ نیەو وەکو ئەحمەدی نەجادو قەرزاوییو حەسەن نصراللهو قسەدەکەن. ئیسلامی سیاسیو ڕاستی ئەوروپا لە بیبیسیو فۆکسەوە بگرە تاکو ئیقرەئوو مەنارو فوراتو هەموویان لەسەر ئەوە هاوڕان کە بلاوبونەوەی کاریکاتیرەکان" ئازاردانی بیروباوەری موسلمانانە" یان" وروژاندنی هەستی موسلمانانە"یان" ئازادی سنوری هەیە"....

ڕاستی ئەوروپاو ئیسلامی سیاسی سەرەڕای جیاوازی نێوانیان بەلآم لە هێرش بۆسەر بەها ئینسانیەکان‌و بۆسەر ئازادی ڕادەبڕین‌و بۆسەر پێشکەوتنخوازی‌و بزوتنەوەی موتەمەدنی دنیا هاوڕان‌و لەمبارەوە ڕاستی ئەوروپا تەنانەت بەوەش قایلە کە جێگاو ڕیگایەك بداتە ئیسلام لە نێو خۆی ئەوروپاو ئەمەریکادا لەسایەی سیاسەتی مەلتیکالچەریزمدا. چەند ساڵە لە سایەی ئەم سیاسەتدا مەلاو مزگەوت‌و تیرۆریستەکانی وەکو ئەبوهەمزەو موسەوی‌و زەکریاو... داڵدە داوەو پارەپۆلێکی زۆری بۆئەم سیاسەتە کۆنەپەرستانەیە هەڵڕشتوە.

بەلآم چەپی ئەوروپی، چەپێك کە تا ئێستا خۆی بەشەرمەزاری ئەو سیاسەت‌و کارانە دەبینێت کە ئیمپریالیزم کردویەتی‌و خۆی بە نەوەی تشرشل‌و هیتلەرو ئیزنهاوەر مۆسۆلۆنی دەزانێت‌و سەری ڕیزو نەوازش بۆ کلتورە جیاوازەکان دادەنەوینێت‌و"ئازادی" بۆ ئەو بۆتە ئازادی بۆ کلتورە جیاوزاەکان، بۆ قەوم‌و نەتەوەو دینە جیاوازەاکان.... لە چەپێکی ئاوەها ڕاستیەکەی هیچ تەوەقعێك ناکرێت، غەیری ئەوەی ببێتە لەشکری ڕەشی ئیسلامی سیاسی لە ئەوروپا.... چەپ لەم ڕوداوەدا رۆڵی کۆمیسیونی پێشوازی لە کلتورە جیاوزاەکان‌و پێبڕاو بەهەمان وێنەی کاریکاتێرەکان ئەم چەپە کاریکاتۆرە!!.

## * پێکدادانی شارستانیەکان!

لە دەیلی تەلەگرافەوە بگرە تاکو دەیان رۆژنامەو ڕاگەیاندنی کەسایەتی ئەوروپی، باس لەوە دەکرێت کە ئەم هەرواوهوریایەی دروست بوو لەسەر بلاوبونەوەی کاریکاتیرەکان، ئەوە سەرەتای پێکدادان‌و جەنگی نیوان شارستانیە جیاوازەکانە، باس لە جەنگی صەلیبی دەکریت.... بەجیا لە پێناسە زۆرو جیاوازەکانی شارستانیەت، هێرشی ئێستای ئیسلامی سیاسی بۆسەر ئازادی ڕادەبڕین هیچ پەیوەندییەکی نیە بە شارستانی‌و کلتورو فەرهەنگی جیاوازەوە، ئەم شەڕە شەڕیکی سیاسی‌یەو ڕاستی ئەوروپاش لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا هاوبەشە. لەڕاستیدا بەبیٚ" شارستانی رۆژئاوا!!" " شارستانی ئیسلامی سیاسی" هەرگیز توانای سازادنی ئەم نمایشەی ئێستای نەبوو. ئەمە شەڕو پێکدادانی نێوان "ئاینی مەسیحی"و"ئاینی ئیسلام" نەبوو وەنیە. ئەمە شەڕی ئیسلامی‌سیاسی‌یە لە پێناو ناوچەی دەسەلات‌و نفوزی خۆیدا. لە پێناو سەپاندنی قودرەتی خۆی لە ئاستی جیهانیدا بەسەر زلهیزەکانی ئەمەریکاو ئەوروپادا، وە حساب بۆکردنی وەکو هێزیکی شەریك لە دەسەلاتدا لەئاستی جیهانیدا، نەك مامەڵەکردنیان وەکوو "وولاتانی محوەری شەڕ"و "ئیرهابی"و... ئەم هێرشەی ئیسلامی سیاسی بۆسەر بەهائینسانیەکان لە درێژەی هەمان جەنگی نێوان دوقوتبی تیرۆریزمی جیهانیدایە. ئیسلامی سیاسی ئەمجارەیان هێرشی خۆی بەشێوەیەکی فراوان دەست پێکرد. لە راستیدا هیچ کات لەمێژودا جەنگ‌و ڕوداوە کۆمەلایەتیە گەورەکان بەهۆی شارستانی یان کلتوری جیاوازەوە ڕوینەداوە. لە دنیای ئەمڕۆی ئێمەشدا، بەهەمان شێوەیە، بەلآم ئەمڕۆ کلتوری جیاوازو شارستانی جیاوازو تەنانەت ئاینی جیاوزا هەموو یان مەترحن بۆ ئەوەی بکرێنە بیانوو بۆ ڕودان‌و هەڵگیرسانی جەنگ بەتایبەت کە ئەمرۆ ڕاستی ئەمەریکاو ئەوروپا، لەباری ئایدۆلۆجیەوە مایەپوچن‌و هیچ بیرێکی تازەیان بۆ ئارایشتدانەوەی خۆیان پێنیەو بۆیە هەمیشە بەداوی دوژمن سازی‌دا دەگرێن‌و لە پێناو جێبەجیکردنی سیاسەتەکانی خۆیاندا.

## *هێرشی ئیسلامی سیاسی‌و ڕاسیزم لە ئەوروپا!

ئەم هێرشە فراوانەی ئیسلامی سیاسی‌و باوەشکردنەوەی ڕاستی ئەوروپا بۆ تێزەکانیان‌و جەبونی‌و گێژی چەپی ئەوروپا، لە مەودایەکی نزیکدا دەبێتە هۆی بەهێزبونی ڕاسیزم. ڕاسیزم وەك بزوتنەوەیەکی بەشدەت کۆنەپەرست لەم دیاردەو شەڕانە ئاو دەخواتەوەو خوێنی تازەی تێدەچێت‌و دەیکاتە ماددەی هەڵخراندنی مەسیحی‌باوەڕو "نەتەوە"کانی ئەوروپا لە بەرانبەر پەنابەراندا. لیرەدا تێروانین دەبێتە ئەوروپی‌و موسلمان، یان شەرقی‌و غەرەبی‌و هیچ بەهایەکی ئینسانی لەم نێوەدا جیگای نابێتەوە. ئیسلامی سیاسی بلاونەوەی چەند کاریکاتێری کۆنی کردە دەستەمایەی هەڵخراندنی موسلمانان‌و ئەم کاریکاتیرانەی کردە هۆکاری بەهیز بون‌و باڵاگرتنی خۆی. ڕاسیزم لە ئەوروپادا هەوڵدەدات ئەم هێرشەی ئیسلامی سیاسی، کە ئاماژەمان پێکرد وەکو هێرشێکی هەمەلایەنەی سیاسی، بکاتە هێرش بۆ سەر "فەرهەنگی رۆژئاوایی" ئەمەش بکاتە سەر لەوحەی هێرشێکی فراوان بۆ سەر سەرڕەشەکان‌و لێرەدا، باوەڕو بۆچونی تاکەکان ناخوێنرێەوە بەڵکو ڕەنگی پێست‌و ڕەنگی قژو موەکان دەبێتە جێگای هێرش. وە ڕاستی ئەوروپا لەمبارەوە دەستیپێکردوە. کەم نین ئەو دەنگانەی کە دەڵێن "موسلمانان بۆ دەرەوە". بە هەرحاڵ ڕاسیزم وەلآمیکی دەست بەجیٚو ئامادەی ڕاستی ئەوروپایە بەم هێرشەی ئیسلامی سیاسی لە نێو ئەوروپاداو ماوەتەوە سەعاتی سفری دەستپێکردنی هێرشی بەرانبەر. حەتمەن لە درێژ ماوەدا سیاسەتی ڕاستی ئەوروپا بەگشتی قولکردنەوەو پان‌و پۆرکردنەوەی مەڵتیکاچەریزمە لە مەودایەکی هێجگار فراوندا، کە هەم لە لایەکەوە زەمینەی بەهیزکردنی ڕاسیزم ئامادە دەکات‌و لە لایەکی دیکەوە نەوەیەکەی نویٚ لە تیرۆریستانی چەرخی تەکنولۆجیامان دەدەنیٚ.

## *کۆمۆنیزمی ئێمە، حیکمەتیستەکان !

لە بەرانبەر ئەم ڕوداوو هێرشانەی ئیسلامی سیاسیدا لە بەرانبەر کۆنەپەرستان و چەقۆ کێشانی ئیسلامی سیاسیی و لە بەرانبەر هەموو ئەوانەی چاویان بە ئازادی هەڵنایە، وە لەبەرانبەر ڕاستی ئەوروپادا، ئەوە تەنها ئێمە حیکمەتیستەکان بووین کە ئالای" بژی ئازادی ڕادەبڕین" مان بەرز ڕاگرت و نەمان هێشت بکەوێت و بە توندی پارێزگاریمان لە دنیای موتەمەدن کرد. لە نێو جەرگەی لەندەندا چەقۆکێشانی ئیسلامی سیاسی هاوار دەکەن "ئازادی بۆ جەهەنەم" ئێمە لەندەن و لە ئۆسلۆو لە ستۆکهۆلم و لە فنلەندو لە ئۆسترالیا و... وەڵاممان دانەوە، وتمان "بژی ئازادی ڕادەبڕین".

ئەم هێرشە ئەگەر چی پەلامارو هێرشی ئیسلامی سیاسی بوو لە پێناو پان و پۆڕکردنەوەی جێگاو ڕیگای جیهانی و ناوچەیی خۆیدا، بەڵام لەهەمانکاتدا، هێرشێکی فراوانی ڕاست بوو لەجیهاندا بە ئیسلامیسیاسی و کۆنسێرفەتیڤ و نیو لیبراڵەکانی ئەمەریکا و ئەورپاوە بۆسەر بزوتنەوەی مەدەنیەتی دنیا و بەها ئینسانیەکانی، بۆ سەر دەستکەوتە مێژوییەکانی بزوتنەوەی کرێکاری و بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، بزوتنەوە پێشکەوتنخوازەکان و بۆسەر کۆمۆنیزم و چەپ بەگشتی.

بۆیە لەبەرانبەر ئەم مەسەلەیەدا بەدیاریکراوی دوقوتبی تیرۆریزمی دنیا، ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی دەوڵەتی بەرابەری ئەمەریکا، لە ئامانجێکی هاوبەشدا یەکیان گرتەوە سەرەڕای گۆلێکی گەورەی ئیسلامی سیاسی لە قوتبی بەرانبەر. لەم نێوەدا بزوتنەوەی ئازادیخوازی دنیا، بزوتنەوەی کرێکاری، بزوتنەوەی پاراستنی مەدەنیەت و بەرەوپێشبردن و فراوانکردنەوەی، تەنها لەدەستی سوشیالیزمی کرێکاری و ئەو هیزو بزوتنەوەو حزبانەدایە کە حیکمەتیستانە دەرگیرن و دەرگیر دەبن لە پێناو ڕیکخستن و هێنانەدیانی قوتبی سێهەم قوتبی موتەمەدنی دنیا، هێزی پێشکەوتنخوازی دنیا نەك تەنها بۆ دیفاع لە دەستکەوتەکانی کۆمەڵگای بەشەری بەڵکو بۆ ئاڵوگۆڕپێدانی هەلومەرجی نائینسانی دنیا و گۆڕینی بەقازانجی بەشەرییەت،

ڕوخانی جمهوری ئیسلامی ئێران لە ڕیگای شورشێکی جەماوەری و ناکامکردنەوەی فکرو سیاسەتی ئیسلامی سیاسی و لابردنیان لە مەرکەزی قەرارو کردنە دەرەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقداو چارەسەری کێشەی فەلەستین و بنیات نانی دەوڵەتیکی سەربەخۆ لە فەلەستیندا، ئەوسێ کۆچکە سیاسیەن کە پێویستە کۆمۆنیزم چەپ و بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازی دنیا، لە جۆشدانێکی خەباتکارانەدا لە هەوڵی بەدیهێنانیدا بن. ئەم ئەرکە ئەرکی ئێمەیە. ئەگەر نا ئایندەی کۆمەڵگای بەشەری لە ئێستا تاریکترە.